
## منداڵان و کامێرای تایبەت بەخۆیان



لەم سەردەمەدا جیهانی دیجیتال لە زۆربەی بوارەکانەوە دنیای منداڵانی تەنیوەتەوە، ئەم کامێرایە کە لەم وێنەیەدا دەبینن توانای فیلم هەڵگرتنەوەی هەیە و هەروەها وێنەش دەگرێت.
کێشی ئەم کامێرایە بچووکە و زیاتر بۆ منداڵانی تەمەن سێ ساڵی دەگونجێت.

## بیرهێنانەوەی ئەرکی رۆژانەت بە Fast Task Scheduler بسپێرە

رەنگە زۆربەی ئێمە نەتوانین ئەرکی رۆژانەمان و ژوان و دیدار و سەردانەکانمان لەبیر بێت، هۆکارەکەشی بۆ زۆربوونی کاروبار و گرفتی دەروونی و...هتد دەگەڕێتەوە. هۆکارەکە هەرچی بێت، بە دانانی پرۆگرامی Fast Task Scheduler لەسەر کۆمپیوتەر ئەو گرفتەتان نامێنێ. ئەو پرۆگرامە گشت ئەو شتانەتان بیردەخاتەوە کە پێشتر بە پرۆگرامەکەت سپاردبوون، پرۆگرامەکە وەك کاتژمێرێکی جەرەسدار دەچێت، لەکات و ساتی خۆیدا ئاگادارتان دەکاتەوە. ئەوەیان تەنیا بەشێك لە سوودەکانی پرۆگرامەکەیە، کە بەبەشی Alarm clock ناسراوە، جگە لەوە ٦ بەشی دیکەی تێدایە کە هەرکام لەوانە ئەرك و کاریان جودایە، بۆ نموونە بە پرۆگرامەکە دەسپێریت کە لەو رێکەوتەدا ئەو پرۆگرامە لە کۆمپیوتەردا بکاتەوە. یان رێکەوتێکی بۆ دیاری دەکەی کە لەو رێکەوتەدا ئۆتۆماتیکی فایلێکی ڤیدیۆیی یان فایلێکی دەنگی بکاتەوە. یان بەجۆرێك پرۆگراکەمە دادەنێی کە لە رۆژێکی دیاریکراودا ئەو سایتەی کە لە پرۆگرامەکەدا داتناوە بیکاتەوە. جگە لەو تواناییانەی کە ئاماژەمان پێدان، چەندین توانای دیکەشی هەیە کە ئێوە دوای دابەزاندنی پرۆگرامەکە بۆ سەر کۆمپیوتەر لەگەڵی ئاشنا دەبن.



## داهێنانی تەکنەلـ

### کیبۆردی ٣٠٠ دۆلاری

کۆمپانیای کینسیس ئەم کیبۆردە گرانبایەی بەرهەمهێناوە، کیبۆردەکە دەتوانێ زۆربەی پرۆگرامەکان بەبێ ئەوەکە لەکۆمپیوتەر بکەیەوە بیکاتەوە. تەنیا گرفتی سەرەکی کیبۆردەکە گرانبایی بوونییەتی، تا ئێستا نازاندرێ ئایا ئەم کیبۆردە ئەم نرخە دێنێ کە بۆی داندراوە.



### گوگل و مۆبایل




کۆمپانیای گوگل چەند مانگ پێش ئێستا بەڵێنی دابوو کە مۆبایلێك بەرهەم بێنێ کە رکابەری لەگەڵ مۆبایلی ئای فۆن بکات، ئێستاکە مۆبایلی nexus one بەرهەم هێناوە هەرچەندە هەنووکە دەرنەکەوتووە کۆمپانیای گوگل تا چ رادەیەك لە هێنانەدی بەڵێنەکەیدا سەرکەوتوو بووە.



# زۆر بەئاسانی ویب سایتێک دروست بکە




دەڵێن ئەنتەرنێت وەك گوندێكی بچووك وایە یان دەڵێن ئەنتەرنێت شارێگەی زانیارییەكانی جیهانە و زەریایەكە هەموو دەریاكان بۆ ئەو دەچێنەوە. بوونی سایتێكی تایبەت بەخۆت یان بە كۆمپانیاكەت وەك ئەوە وایە كە ماڵێكت لەم گوندە هەبێ، بۆ دروستكردنی ماڵێك پێویستە وەستای كارامە هەبێ. بەڵام بەبوونی پرۆگرامی Flash website builder دەتوانی زۆر بە ئاسانی سایتێكی فلاش دروست بكەی. بەهۆی ئەو چوارچێوە و قالبە ئامادانەی كە لە پرۆگرامەكە داهەیە وێب سایتێكی جوان و سەرنج ڕاكێش ئامادە بكەی.

لە توانا تایبەتییەكانی ئەو پرۆگرامە دەكرێ ئاماژە بەوانە بكەین:

- پشتیوانی كردن لە چەند زمانێكی ستانداردی جیهانی.
- بوونی زیاتر لە ١٨٦ چوارچێوەی ئامادەكراوی فلاش بەبێ ئەوەی كە پێویستی بە لێزانین و شارەزایی هەبێت.
- توانای دانانی مۆسیقی لەسەر وێب سایتەكە بەشێوەی ئۆتۆماتیكی.
- دانانی ئامرازی ڕێكخستنی ڕەنگ و هەروەها سوود وەرگرتن لە چەندین فۆنتی جۆراوجۆر و ...هتد.

## ناساندنی سایتێک



سایتی pixlr بێگومان یەكێكە لە سایتە هەرە باشە ئۆنلاینەكانی گرافیكی، ئەوانەی كاری گرافیكی دەكەن بە زۆری لە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ سوود وەردەگرن، پرۆگرامی فۆتۆشۆپ دەكرێ بڵێین یەكێكە لەباشترین پرۆگرامەكانی گرافیكی، بەڵام چونكە قەوارەی پرۆگرامەكە لەسەر كۆمپیوتەر زۆرە، یان هەموو كۆمپیوتەرێك ئەو پرۆگرامەی لەسەر نییە، لەكاتێكی وادا سایتی www.pixlr.com جێگای فۆتۆشۆپی گرتۆتەوە، بەبێ ئەوەی كە هیچ بارگرانییەك بۆ كۆمپیوتەر بێنێتە پێش، دەتوانن بە كردنەوەی ئەم سایتە فۆتۆشۆپێكتان لە ئەنتەرنێتدا بۆ بكرێتەوە و گشت ئەو ئەركانەی پێویستە لەسەر وێنەیەك جێبەجێی بكەن لەم سایتەدا بە ئاسانی جێبەجێ دەكرێت.

## ۆژیای دیجیتالی نوێ

### باترییەک بۆ هەفتەیەک

كۆمپانیای پاناسۆنیك باترییەكی نوێی لیتۆمی بەرهەم هێناوە كە دەتوانێ تاكو هەفتەیەك وزەی ماڵێك دابین بكات، بەڵام ئەو ماڵە، ماڵێكی ژاپۆنییە كە تەنیا بەپێی پێویست وزە بەكار دێنن، نە ماڵێكی كوردستانییە كە هەرچی ئامێری كارەبایە بەكاری دێنن بێ ئەوەی كە سوودی لێوەربگرن!!



### مۆبایلی ئایفۆن دەبێتە کامێرایەکی بەهێز

هەرچەندە كامێرای مۆبایلی ئایفۆن زۆرلەسەرییە، بەڵام ڕەنگە ئەو توانایە بۆ كامیراوانان كەم بێت، بۆیە لەم ماوەیەدا توانرا پایە و لێنزێكی تایبەت بەم مۆبایلە بەرهەم بێت كە توانای كامێرای مۆبایلی ئایفۆن وەك كامێرایەكی پێشكەوتوو لێدەكات.



### وریای ئەم چاویلکانە بن

ئەوەی لە وێنەكەدا دەیبینن هەر چاویلكەیەكی ئاسایی نییە بگرە، كامیرایەكی زۆر بەهێزە كە دەتوانێ تاكو ٥ كاتژمێر فیلم هەڵبگرێتەوە و هەروەها دەتوانی لەكاتی ڕۆیشتنیشدا سەیری فیلمەكان بكەی، بەڵام دەبێ زۆرت ئاگا لە خۆبێ ئەگینا بەردەبیەوە!!

